کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:34 19-8-2007

## کێ بەڵگەی گەندەڵیەکانی سەرۆکی شارەوانی قەڵادزیی ئەوی؟؟ ... محمود ئاغا

کەرکوك

سەرۆکی شارەوانی قەڵادزی وائەزانی خوا بەس ئەوی لەگڵی سپی دروست کردووەو، خەڵکی تریش لەقوڕی ڕەش (هێندە لە خۆی ڕازیەو لەپەنای تەکەتولەوە سیانزە ساڵە حاکمی ئەو شارەیەو خەڵك بێزار بووە لیی) کاتی خۆی کەلە قەڵادزی بوین، زۆر جار گوی بیست ئەبوین کەدلاوەر ئەیوت: قەڵادزی وادروست ئەکەینەوە ئەگەر بەفڕۆکە بەسەر قەڵادزیدا تێپەر ببی بەشێوەی ئەندازیاری گەرەکەکان ئەنوسری قەڵادزی، یا دوای ئەوە لەکوردستانی نویدا لەچاوپێکوتنێکدا ووتبوی:چەند بازاڕێکی هاوچەرمان لەبەرنامەدایەو کەژمارەیەك تێچونی ڕیز کردبوون (لەوانەیە مەبەستی ئەو کاولخانەی شوینی مەشروب فرۆشەکانی ئێستا بی!!) دەرکەوت هەموو ئەو قسانە بڵقی تایت بوون.. بڕۆ سەیری دوکانەکانی ناوبازاڕی قەڵادزیبکە، ساڵەکانی 1930 ت بیر ئەکەوێتەوە.. هیشتا دوکانەکانی ناوشار تێکنەدراون، کەچی ئافەرم سەرۆکی شارەوانی لەئێستاوە بەنهێنی دابەشی کردوون بەشێوەی تەوافووق بۆ ئەوەی دەنگی لی نەیەت!!شارەکەی دلاوەر تائێستا بازاڕی هاوچەرخی نییەو، گەڕەکە تازەکانیش شوێنی خزمەتگوزاریان بۆ بەجی نەهێڵەراوە، بەخۆشی ئەڵی ئەندازیارم (گوایە هەوە)، ئەگەر سەیری دەم و چاوی سفت و لوسی بکەی و شارەزای نەبی، یەکسەر ئەڵی ی شاری دلاوەر ئەبی وەك دوبەی وابی، مەخابن دوای 17 ساڵ لەحوکمڕانی دلاوەر، هیشتا قەڵادزی کتێبخانەی گشتی نیە.. هوتێل و یانەی خواردنەوەو سەنتەری گەنجان و سەیرانگای نیە.. گەرماوی هەیە لەئیش کەوتووە.. تەجاوەز کراوەتە سەر هەر هەموو شوێنە حکومیەکان –بەخۆشیەوە.. پارکی هەیەو یەك تاقە گوڵێ لی نەڕواندووە.. گەراجی هاوچەرخی نیە.. بۆڕی ئاوی سەرەکی بەژێر ماڵاندا تێپەڕیوە.. شار هەمووی کەلاوەیەو، قەسرەکەی خۆشی (هەروەك حەمەی پور ئامان ئەڵی –ئەڵیی قەسری کابرای کیمیاییە!!)) هەرشتێك ویستی چاوپۆشی لی ئەکاو، هەرشتێك نەیویست بکرێت دەنگی لی دێنی و ئەڵی ئەبی نوسراوی سەرەوەم بۆ بهێنی!!

بەڕاستی دلاوەر عەیب و لەکەیەکی گەورەیە بەناوچەوانی شارەکەوە، تەمەنێکە (حەڤدە ساڵە) لەیەخەی ئەم شارە نابێتەوەو نایەلی هیچ گۆڕانیك ڕوبدات!! (هەر قائمقائمێك هاتبێتە قەڵادزی یاکێشە وگرفتی بۆ دروست کردووە یا نەیهێشتووە هیچ بکاتو ئیفلیجی کردووە، یا توشی گەندەڵی کردووە-بەڵگەش زۆرە) .. هەموو ئەوانەی بەرگری لەگەندەڵی دلاوەر ئەکەن فەرموو بچنە ناو خەڵك، ئینجا ئەزانن کەخەڵك چەند وەڕەز بووەو، توشی سیل و دیق بووە... !!کەسێك کەسەردانی ئەکات، دلاوەر وائەزانی سەرۆك کۆمارە هێندە لەخۆی ڕازیە، خوا ڕەحمی کرد ئازوقە بەدەستی دلاوەر نەبوو!لەیەکێك لەسەردانەکانی دلاوەر لەگەڵ لیژنەی قەڵادزی بۆلای عومەر فەتاح ئەویش دیاربوو باشی ناسی بووپیی ووتبوو: دلاوەر تۆ هیچت لەدەست نایە تەنها دەم خوار ئەکەیتەوەو ڕێگری لەبەردەم پڕۆژەکاندا...

بۆ هەموو ئەوانەی بەرگری کوێرانە لەدلاوەر ئەکەن، فەرموو ئەمە بەڵگەی گەندەڵیەکانیەتی، ئێوەش کە لەخەمی خەڵکن فەرموو بەدواداچوون بکەن:

1. شوێنی ئۆرزدی کۆن تەنیشت باخی گشتی کەشوێنێکی حکومیە لەسەر دایکی تاپۆی کردووە، ئەی بۆ ئەمە کتابی سەرەوەی نەویست؟؟ یا دایکی دلاوەر بەچ سیفەتێك وەریگرتووە (پێشمەرگەی کۆنە؟؟ یاخێزانی شەهیدە؟؟یانەدارە؟؟)
2. نزیکەی دۆنمێك زەوی بەتەنیشت ناوچەی پیشەسازی-لەگردی حوسنی- داویەتی بەمامی (نەوزادی حاجی ئەحمەدی) گوایە بۆ کارگەی بلۆك تائیستا کارگەکە دانەنراوە!!لەکاتێکا هەموو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فیتەرەکانی ناوچەی پیشەسازی ناڕەزاییان دەربڕی و خۆنیشاندانیان کردوو کەسیش گوی ی لی نەگرتن، کوادیموکراسیەتەکە؟؟

3. تەنیشت دایەنگای قەلآزی کەتازە دروست کراوە لەخوار مەحکەمە، چەند سەد مەترێکی بەتەجاوەز دابڕیوە بۆ مامی هەر (نەوزادی حاجی ئەحمەدی) چەند ژوورێکی بەکاتی لی دروستکراوە، نازانین ئەمە بەسیفەتی چی؟؟؟

4. دوای ئەوەی مامیکی تری (دڵشادە حاجی ئەحمەدی) زەویەکی کرِی بەشێوەیەکی تەجاوەز پارچەیەکی تری پێوە زیاد کردوە، گوایە دلاوەر گوتویەتی: تامن لێرە ماوم خێرا بیکە..

5. کاتی دلاوەر قەسرە گەورەکەی دروست کرد، چیمەنتۆی شارەوانی کەبەشی خەڵك بوو ئەیدا بە (حاجی... ) کەکارگەی بلۆکی هەبوو، لەبەرامبەردا (حاجی) بلۆکی هەموو قەسرەکەی بۆ دابین کرد، بۆیە دلاوەر ئەمەی ئەکرد تابەڵگەی دیاری لەسەر نەبی!!

6. شیشەکان کاك (... ) بۆی دابین کرد.

7. بەستنی کارەبای قەسرەکەی بایی (135) هەزاری سویسری بوو، ئەویش بەڵێندەر (ح.. داود) پارەکەی دا. لە بەرامبەردا ئەم کارەدا کابرای بەڵێندەر چەندان پڕۆژەی لە شارەوانی وەرگرت.. هەروەهابەڵێندەر (مەلا م... ) چەندەها نهێنی و سەرەو بەرەیان هەیە، ئەمەیان زۆرە نوسینێکی تایبەتی ئەوی بۆ ئایندە بێت!!؟؟

8. تاکە خزمیکی نەماوە خانوو+ زەوی نەدابیتی...

ئەم خالآنەی کە نوسیومانن قسەی وێردی سەر زاری هاولآتیانن.. هیشتنەوەی سەرۆکی شارەوانی بەم شێوە گەندەڵیەی ئێستای زیانێکی گەورە لەحزبەکەی وخەتەکەی و هەڵبژاردنەکان ئەدا، ئینجا زیانیش ئەگەیەنی بەشارەکەو، ئەبێتە هۆی بێزاری خەڵك بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی، ئەوەتا گەنجێکی زۆر بەرەو هەندەران ئەڕۆن کە دڵنیا بوون دلاوەر هەر لەشوێنی خۆیەتی و، هەتا ئەویش لەو شوێنە بێت نایەڵێت هیچ گۆڕانێك ڕوو بدات، دلاوەر دژی تازەگەری وجوانی و دژی شارەستانیەتە (کەس بەقات و بۆینباخەکەی هەڵنەخەڵەتی!!) .. ئەترسین بەباس کردنی ئەم گەندەڵیانەی دلاوەر بەرز بێتەوەو ببێتە (امین عام) .. هەبووە کەباسی گەندەڵیەکانی کراوە خێرا بەرز کراوەتەوە، بەڵکو ئەم نوسینە لە بەرژەوەندی دلاوەر بێت و بەرز بێتەوە!!!.. ولآتی سەیرو سەمەرەکانە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.